# جیهانی کەلوەکان

**ئامادەکردنی: شەیدا**



**کاوڕ** نامەیەك بەڕێوەیە، سەفەرێك دەکەیت و کەسانێکی دڵسۆز دەناسی، هەوڵ بدە باری تەندروستیت بپارێزیت، لە سەرەتای مانگی داهاتووەوە گۆڕانکارییەك لە کارەکەتدا روو دەدات هەوڵ بدە لەبەرژەوەندی تۆدا بشکێتەوە.



**گا** ماوەیەکە خۆشەویستەکەتان پشتگوێ خستووە کار لە پەیوەندیتان دەکات، ئاگاداری باری تەندروستیت بە، سەفەرکردن بۆ ئێوە زۆر باشەو کارێکی باش دەکاتە سەر ئارامبوونەوەی باری دەروونیتان.



**دوانە** پەیوەندییەکانتان پێویستی بە چاوپێداخشاندنەوە هەیە، هەوڵ بدە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت باشتر بکەیت تا کار لە پێگە کۆمەڵایەتییەکەت نەکات، ئەوەندە کەسێکی خۆش باوەڕ مەبە با نەکەویتە هەڵەوە.



**قرژاڵ** لە ئێستات زیاتر گرنگی بە خێزانەکەت بدە لەبەرئەوەی پێویستیان پێیەتی، رووداوەکان لە بەرژەوەندی تۆدا دەبن و باری سۆزداریت گۆڕانکارییەکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێ و بەخەونەکانت دەگەیت.



**شێر** سوود لە ئەزموونەکانی رابردووت وەربگرە، گەیشتن بە خەونەکانت نزیك بۆتەوە، نهێنی سەرکەوتنی لە کارە گرنگەکاندا تەنها هەستی بڕوا بەخۆبوونە هەوڵبدەن ئەو هەستە لە ناختاندا بڕوێنن، باری مادیتان باشتر دەبێ.



**گوڵە گەنم** باری مادیت گۆڕانێکی بەرچاو بەخۆیەوە دەبینێت، لەو کارانەی کە نەخشەت بۆ کێشاون سەرکەوتوو دەبی، ئاگات لە خۆشەویستەکەت بێ بەبێ تۆ هەڵناکات، هەوڵ بدە کێشە هەڵپەسێرراوەکانت چارەسەر بکەیت.



**تەرازوو** لەوانەیە لەم ماوەیەدا خۆشەویستەکەت پێویستی بە هاوکاری تۆ ببێت هەوڵ بدە هاوکاری بکەی، بەختیاری بە پارە ناکڕدرێت پێویستی بە لێکگەیشتن هەیە، ئەوەندەی لەخەمی خەڵکدای کەمێکیش خەمی خۆت بخۆ.



**دووپشك** لەرووی ئابوورییەوە هەوڵ بدە بەرنامەیەك بۆ خەرجییەکانت دابنێ لەگەڵ داهاتەکانی ئێستاتدا بگونجێ، وریابە نهێنییەکانت لای کەس نەدرکێنی، خۆشاردنەوە لە راستییەکان لە بەرژەوەندی ئێوەدا نییە.



**کەوان** لە رووی سۆزدارییەوە کەسە نزیکەکانتان کێشەتان بۆ دروست دەکەن گەر بە وریاییەوە مامەڵە نەکەن لەوانەیە دوورکەوتنەوە روو بدات، هەوڵ بدە کێشە هەڵپەسێرراوەکانت چارەسەر بکەیت و هەروا نەیانهێڵیتەوە.



**گیسك** گرژییەك دەکەوێتە نێوان تۆو هاوکارەکانت وریابە بە ئاقڵی مامەڵە لەگەڵ ئەم پێشهاتەدا بکە، لەخۆبایی مەبە باش نییە لەبەرئەوەی کێشەکانت بەتەنها بەخۆت چارەسەر ناکرێت داوای هاوکاری لە هاوڕێکانت بکە.



**سەتڵ** گرژییەك دەکەوێتە نێوان تۆو هاوکارەکانت وریابە بە ئاقڵی مامەڵە لەگەڵ ئەم پێشهاتەدا بکە، لەخۆبایی مەبە باش نییە لەبەرئەوەی کێشەکانت بەتەنها بەخۆت چارەسەر ناکرێت داوای هاوکاری لە هاوڕێکانت بکە.



**نەهەنگ** لە بواری کارەکەتدا دەبیتە جێی رەزامەندی بەرپرسەکەت، هەواڵێکی خۆش بەڕێوەیە، لەرووی ئابوورییەوە ئاستەنگێکی چاوەڕواننەکراو دێتە رێگای بەشێك لە ئێوە باشتروایە هەر لە ئێستاوە خۆتانی بۆ ئامادە بکەن.